The Kurdish Centre of
INTERNATIONAL P E N
A World Association of Writers
NAVENDA PEN A KURD
Kurdisches PEN – Zentrum e.V.

Dr. Zaradachet Hajo, President – Franziuseck 16, D - 28199 Bremen / Germany, Mobile: 00 49 (0) 1773351016
Moustafa Rechid, Vice President – Entenmühlstr. 2, D - 66424 Homburg / Germany, Mobile: 00 49 (0) 17627186964
Berivan Dosky, Secretary – 72 Diamond Road, Ruislip, HA4 0PG / UK, Mobile: 00 44 (0) 7968764617
Mehmet Sahin, Treasurer – Postfach 90 31 70, D - 51124 Köln / Germany, Mobile: 00 49 (0) 1719351171
Kakshar Oremar, Member – Gustav-Poensgen-Str. 37, D - 40215 Düsseldorf / Germany, Mobile: 00 49 (0) 17620061534

# ڕاگەیاندنی ناوەندی پێنی کورد سەبارەت بە هێرشی ڕژێیمی تورکیا

ژنێراڵەکانی تورک ، ئەوانەی کە وا لە پشت پەردەوە سیاسەتی دەوڵەتی تورکییە بەڕێوە دەبەن ، ئیزنییان دا کە لە 17.10.2007 دا لە پاڕلەمانی تورکییەوە بە ناوی خەڵک و دەوڵەتی تورکیەوە بڕیاری بەزاندنی سنووری ئێراق ببن .

لە پاش ئەوەیکە لەشکەری سەربازی تورکییە بە هێزی سەربازی هەرە گەورە بە هێز ، لە ساڵی ڕابردوودا لە هێرشکردنیان دا سەر نەکەوتن ، ئەمجار ئەوان لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووە واتە 21.02.2008 جارێکیتر بە شێوەیەکی بەرفراوانتر دەستیان بە هێرش کردن کردۆتەوە .

ڕژێیمی تورکییە ئەمجارەیان 10000 سەربازی بە تانک و تۆپ و هێڵەکۆپتێر و فڕۆکە جەنگییەکان ، ناردۆتە سەر سنوور و سنووری وڵاتێکی جیرانی خۆیان بەزاند ، بەم شێوەیە جارێکی دیکە لە پێش چاوی هەزاران دێمۆکرات لە جیهان دا ، حەموو پەیمانێکی ناونەتەوییان پێشێل کرد و ئەم یەکەش هیچ واتای بۆ هەبوونی سنووری نێوان عێراق و تورکییە دا نەهێشتووە .

وا چەند ڕۆژە ، هێزی لەشکری دەوڵەتی تورکییە ، ئەو ناوچانەی کە خەڵکانی سیڤیل ژیانی تێدا دەکەن ، بۆمباران دەکات و ئاوەدانی ئەو ناوچانەی وێران کردووە . هەر بەمەش ئاشکرا دەبێت کە ئامانجی دەوڵەتی تورکیا بە تەنیا پارتی کرێکارانی کوردستان پ.ک.ک نییە و بەڵکوو ئەوان دەسکەوتی خەڵکی ئێمەیان لە باشووری کوردستانەوە کردۆتە ئامانجی خۆیان .

*هێرشی سەربازی رێژیمی تورکیا و هەڵوێستی دوژمنانەی ئەو ، نە تەنیا بۆ کوشتن و وێرانکاریە بۆ سەر گەلی ئێمەی ئازادی خواز ، بەڵکوو لەمەش زیاتر ئەمەیە کە هێرشی دوژمنانەی دەوڵەتی تورکیا ، لە دژی حەموو نرخ و بها مرۆڤایەتیەکانە کە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا تا ئێستا تۆمار کراوە .*

*هەر بەم بۆنەش ئێمە بانگ لە حەموو هێزی ئازادیخواز و دێمۆکرات لە جیهان دا دەکەین کە وا خاوەنداریەتی بکەن لە ئاست پاراستنی بزووتنەوەی ئینسانی و شارستانی و مرۆڤایەتی گەلی کورد و هەوڵ بدەن کە پاشەکشە بەم بڕیار و هەڵوێستەی رێژیمی تورکیا و ژێنێڕاڵەکانیان بکەن .*

*چاندی حەموو گەلانی جیهان هاوتای یەکە و گرتن و هێرشی سەربازی و کوشتنی مڕۆڤەکان کە لە بەرامبەر پاراستنی خۆیان دا و بەرەوپێشبردنی چاندی خۆیان کار و تێکۆشان دەکەن ، کردەوەی دژی بەها و نرخەکانی مرۆڤایەتیە .*

*گەلی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە لە جیهان دا ماڤی خۆیەتی کە ماڤی هەبێت و بتوانێت لە سەر خاکی وڵاتی خۆی واتە کوردستان بە سەربەخۆیی بژی و خاوەنداریەتی لە چاند و کولتووری خۆی بکات و بەرەوپێشی ببات .*

*ناوەندی پێنی کورد بانگ لە حەموو هێزی ئازادیخواز لە جیهانە دا ، لە یەکەتی ناونەتەوەیی ، لە حەموو پێنەکانی نەتەوەیی و کۆمیتەی نوسەران بۆ ئاشتی پێنی ناونەتەوەیی دەکات کە هەڵوێستی رێژیمی تورکیە و ژنێڕاڵەکانی پرۆتێستۆ بکەن .*

***PENiKurd ناوەندی***
***25.02.2008***

**Navenda PENa Kurd**, Dresdner Bank, Konto-Nr. 4 757 403 00, Blz.: 700 800 00
IBAN: DE56 7008 0000 0475 7403 00
S.W.I.F.T.: DRESDEFF700
**http://www.pen-kurd.org**